# حەج وعومرە لە خواپەرستیەوە بۆ مۆدێل و چاولێکەری!

[ کردي – کوردی – kurdish ]

ئامادەکردنی : مەلا موسلیم مەلا صالّح فریزی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠٠٩ - ١٤٣٠

islamhouse.com

# ( الحج بين العادة والعبادة )

« باللغة الكوردية »

إعداد : ملا مسلم ملا صالح فريزي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# حەج وعومرە لە خواپەرستیەوە بۆ مۆدێل و چاولێکەری !

زۆرن ئەوانەی بەمەبەستی تەوبەو ((خوا)) پەرستی و جێبەجێ کردنی ڕووکنی پێنجەمی ئیسلامەتی دەڕۆن بۆ سەفەری حەج و عومرە، بەڵام کەمیش نین ئەوانەی پارەی ڕێگا خەساردەکەن و دەگەڕێنەوە سەر دۆخی جارانیان لەگوناە بگرە خراپتریش! خۆزگە ئەم جۆرە مرۆڤە پارەکەی خۆیان دەدا بەگەنجێک بۆ ئەوەی ژیانی هاوسەری پێک بێنێت، خۆزگە دەیاندا بەکرێچیەکی داماو تاوەکو لەگەڵ هەندێک پارەی تر لە کرێچیایەتی ڕزگاری بووبا، خۆزگە بیدابا بەقەرزارێکی (شەریف) تاوەکو چی تر خاوەن قەرزەکان دەرگایان پێ نەگرتباو ژیانی ماڵ و منالی ئاسوودەبایەو بهاتایەوە دۆخی جاران، خۆزگە بیدابا بەنەخۆشێکی بێچارە بۆ ئەوەی چارەسەری خۆی پێ بکات، خۆزگە بیدابا بەکەل و پەلی قوتابیانی داماوو هەژار بۆ ئەوەی درێژەیان بەخوێندن دابایەو لەخوێندن دانەبڕێن، خۆزگە بیدابا بەبێ باوکان تاوەکو تۆزێ زامی برینەکانیان پێ سارێژ بکردبایە، خۆزگە بۆ پرۆژەیەکی خەیری خەرجی بکردبایە(وەک: دروستکردنی مزگەوت و هەڵکەندنی بیری ئاوو خۆشکردنی ڕێگا بۆ خەڵکی و هەروەها بەشداری کردن لەدروستکردنی نەخۆشخانەو قوتابخانەو...هتد.)، کاتێ کە دەگەڕێتەوە خەڵکی لەدەست ماچ کردنی نابنەوە دەست دەکات بەقۆڵ بڕین و باوەش دەدا بەگوناە و تەوقە دەکا لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم ودەست وشان و پیل ماچ کردن و...هتد. ئیتر نازانم حەج

و عومرەکەی لەکوێی ئەمانە جێگای دەبێتەوە؟! لەمەککەیەو نوێژێک بە(١٠٠٠٠٠) سەدهەزار نوێژەو لەمەدینەیەو نوێژێک بە(١٠٠٠)هەزار نوێژە کە چی بێ ئاگا لەمانەو خەریکی بازاڕکردنە یان زۆربەی ئەم کاتە گرانبەهایانە(کەموسڵمانان خەوی پێ وە دەبینن) کەچی ئەم لەدەست خۆی دەدات بەخەو! جاری واش هەیە تووشی غەیبەت و هەروەها باس و خواسی دوونیایانن و بێ ئاگاو کۆڵەوار لەکاری قیامەتیان! وەرە تۆ ئەو هەموو پارە سەرف کەیت و ئەو هەموو دووری ڕێگاو ماندووبوونە تەحەممول کەیت کەچی شەیتان زۆر بەسادەی ی پێت بوێرێت؟! ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم نافەرموێت: ((من حج لله فلم يرفث ، ولم يفسق ، رجع كيوم ولدته أمه )) صحيح البخاری،سەرنج دە((من حج لله))ئینجا دوواتر، نەک بۆ دونیایێ و یا بۆ ئەوەی پێی بڵێن: حاجی! ئەو فەرموودەی (النسائی ) یش ڕیوایەتی کردووە: ((الحجة المبرورة ليس لها جزاء إلا الجنة، والعمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما)) دەزانی حەجی مەبرور چیە؟ (تەوبە نەشکاندنە..)، پاشان دەزانی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم کە لەحەج یان لەعەمرە یانیش لەغەزا دەگەڕایەوە چی دەفەرموو؟ دەیفەرموو: ((...آيبون تائبون عابدون لربنا حامدون)) صحيح مسلم،کەواتە تاکی موسڵمان لەگەڕانەوەی لەم سەفەرە پیرۆزانەش نابێت ووشەی تەوبە لەبیرکات، نەبادا شەیتان (بەڤایرۆس و گوناهی کوشندەی لە خۆ بایی بوون) لەخشتەی بەرێت! پاشان ئەوانەی زیاد لەجارێک بۆ حەج و عومرە دەڕۆن باش بزانن لەکاتێک کەزانایانی پێشوو هەبووە لەتەمەنی خۆی ((٥٠))حەجی کردووە ئەوا ئەگەر بێتوو لەو سەردەمەی ئێمەبان ئەوە دڵنیابن لەحەجێک زیاتریان نەدەکرد دەشزانن بۆ؟ فەرموون لەگەڵ وەڵامەکە :

١–ئەوانەی کە حەجی دووبارە ئەنجامدەدەنەوە بەبێ بەدەلیش هەروا بۆ خۆیان ئەوە بوونە مایەی ڕێگری کردن لەخەڵکی موستەحەقی تر کە تاوەکو ئێستا تامەزرۆی ئەنجامدانی ئەو فەریزەیەن بەڵام لەبەر زۆری خەڵک وەبەریان ناکەوێت، جا کێ دەڵێ گەر تۆ واز لەپەیاکردنی ئەم قەڵەباڵغییە بهێنیت ئەوا ناوی ئەو بۆ ئەم سەفەرە موبارەکە دەرناچێت؟ کە خۆشتان دەزانن لەزۆرینەی وولاتان حەج بەناو نوسین و قورعەیە کە عێراق و کوردستانەکەی ئێمەش سوپاس بۆ خوا لەبەر زۆری موسوڵمانان وایە .

٢–پاشان لەبەر بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و برسێتی کە لەجیهان ڕووت و برسی و بێ کاری بەرەو زیاد بوونە! کە بۆ ئەوەی پارەی حەجی زیادە بدرێت بەکەسانی موحتاج.

٣–لەبەر زۆر بوونی نەخۆشی کەپارەکە بۆ چارەسەری نەخۆشی هەژار بەکار بێت .

٤–پاشان لەبەر ئەو هەموو شەڕو ڕەشە کوژیانەی ئەم ساڵانەی دووای ی ڕێژەی بێ باوکان بەڕێژەیەکی خەیاڵ ی زیادی کردووە ئەی کێ لە خەمی ئەوانەدابێت؟! گەر من و تۆ ی موسڵمان ویژدانمان نەجولێت تا یارمەتیان بدەین ئەی کێ ئەم کارە دەگرێتە ئەستۆ؟ !

٥–ژن و پیاو لێک جیابووینەوە لەبەر نەحەوانەوەیان لەناو خێزانی قەڵەباڵغ و دەسەڵات نەبوونی پیاو بۆ بەکرێ گرتنی خانوو ئیتر خێزان هەڵوەشاوەتەوە !

زۆر هۆکاری تریش بەڵام وەکو کوردەواری خۆمان گوتەنی: (قسە هەزارەو دووانی بەکارە) بۆ یە لەکۆتایی دا داواکارم لە خوای گەورە کەهەر موسڵمانێک

فەریزەی حەجی جێبەجێ نەکردووەو ئارەزووی ئەم سەفەرەشی هەیە خوای گەورە نەیباتە دەرێ لەم دوونیایە تاوەکو زیارەت الحرمین ی بەقسمەت دەکات، وەئەوانەش کەسەفەری حەج یان ئەنجامداوە تکا دەکەم: لێگەڕێن با خەڵکی تریش بۆخۆیان حەج بکەن، وەکاتێک کەحەج دەکەن کات بەفیڕۆ مەدەن بە بازاڕو گەڕان و سوڕان و خۆخەریک کردن بەشت و مەک کڕین! چونکە ئەم ئەشیایە لەبازاڕەکەی لای خۆشتان هەیەو هیچ جیاوازیشی نیە، وەهەرکات گەڕایتەوە لەم زیارەتە پیرۆزە تو خودا مەگەڕێنەوە سەر گوناه ودەفتەری کردەوەکانتان کەپاک بووەتەوە لە ژەنگی گوناه پیسی مەکەنەوەو خۆشەویستی دوونیا کاریگەریتان لەسەر نەکات و ووشەی پیرۆزی (حاج) یش ناشرین مەکەن!.